# مارتن لۆسەر کینگ



**و: هەورامان وریا قانع**

بابەتی ئەم کتێبە ئەو قەشە رەشپێستەیە کە یەکێك بوو لە بانگەشەکەرانی نا بۆ توندوتیژی، هەروەها یەکێك بوو لەوانەی داوای مافی قولەرەشە چەوساوەکانی لە ئەمریکییەکان و ئەوانی دیکە دەکرد. دەستپێکی کتێبەکە باس لە ژیانی «مارتن لۆسەر کینگ» دەکات و دەڵێ: گەر «مارتن لۆسەر کینگ» نەبوایە، ئەوا ئەم رووداوە روینەدەدا، مەبەست لەو رووداوە کاندیدکردنی کەسێکی رەشپێستی وەك «باراك ئۆباما»یە بۆ سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئا بەم شێوەیە ئەو قەشە رەشپێستە ئایندەی نەتەوەیەکی بە تەواوی گۆڕی.

لە راستیدا هەردوو دانەری کتێبەکە لەمیانەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی «مارتن لۆسەر کینگ» کە کاریگەرییەکی گەورەی لە ئەمریکادا بەجێهێشتووە، دەیانەوێت وێنەیەکی کۆمەڵگەی ئەمریکی ناوەراستی سەدەی بیستەم پێشکەش بکەن، ئەو کۆمەڵگەیە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەیەکی لێکهەڵوەشاو بووە، پڕ بووە

له مەسەلەی رەگەزپەرستیو تاوان، یەکێك لە قوربانییەکانی ئەو سەردەمە کوشتنی هەردوو برا «کەنەدی» بوون، واتە سەرۆك «کەنەدی»و براکەی. ئەوەی تایبەتە بە مەسەلەی بزوتنەوەی داواکاریی مافی رەشپێستەکان لە ئەمریکادا، ئەوا «مارتن لۆسەر کینگ» توانیی ئەو بزووتنەوەیە کۆبکاتەوەو دەنگیان یەکبخات، گەرچی رووبەڕووی کێشەو رقلێبوونەوەیەکی زۆریش بووەوە، بەڵام توانیی سەرکەوتن بەدەستبێنێتو ژیانی خۆی بەخشی بەو هەڵوێستانەی لەپێناو هێنانەدیی خەونەکەیدا گرتبوونیەبەر.

کتێبەکە بۆ ٢١ بەش دابەشکراوە لەگەڵ پێشەکییەکدا، کە ئەم ناونیشانەی لەخۆگرتووە: (پیاوێك هەموو ساتێك ئامادەیە). بەشەکانی کتێبەکە یەك لەدوای یەك دێنو بەپێی بەسەرهاتی ژیانی «مارتن لۆسەر کینگ» هەر لە منداڵییەوە تاکو دەگاتە (بۆشاییە گەورەکە)، واتە ئەو کاتەی تیرۆری دەکەن دانراوە، بە تێپەڕین بە وێستگە گەورەکانی ژیانیدا. لەم گەشتەدا هەندێ بەش هەیە ئەم ناونیشانانەی لەخۆگرتووە: (خەونێکم هەیە)، (سەرەتای سەردەمی کەنەدی)، (پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتی)، (جەنگ لەپێناوی ئاشتیدا)...هتد.

لە دەستپێکی کتێبەکەداو لەمیانەی «باراك ئۆباما»وە، قسە لەسەر «مارتن لۆسەر کینگ» دەکرێت، لەو دەستپێکەدا باس لەوەدەکرێت پێش ماوەیەکی کەم لەمەوبەر، هیچ کەسێك نەیدەوێرا باس لەوەبکات کەسێکی رەشپێست خۆی بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا کاندید بکات، چونکە رێکخراوە رەگەزپەرستەکانی وەك رێکخراوی (کۆکلۆکس کلان) سڵی لەوە نەدەکردەوە (کۆیلەکان) بکوژێت، رێکخراوی (کراس سوورەکان) هەڵدەستان بە خنکاندنی خەڵکانی رەشپێست، بگرە گروپی «جۆن بیرتش» رەشپێستەکانیان فرێدەدایە ناو گۆماوەکانەوە. ئا بەم شێوەیە ئاماژە بە گرنگی»مارتن لۆسەر کینگ» کراوە کە پێش چل ساڵ لەمەوبەرو لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا مردووە. لێرەوە «مارتن لۆسەر کینگ» لەمیانەی «باراك ئۆباما»وە درێژە بەجەنگەکەی دەدات، لەمڕۆدا «باراك ئۆباما» تەبەنی بەشێکی زۆری بیروراکانی «مارتن لۆسەر کینگ» دەکات. هەر لەو دەستپێکەی کتێبەکەدا ئاماژە بەوەکراوە «مارتن لۆسەر کینگ»ی رەشپێست لە کاتوساتی خۆیدا رازینەبووە خۆی بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکا کاندید بکات، گەرچی بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە دەورووبەریدابوون داوایان لێکردووە خۆی کاندید بکات.

هەروەها دەستپێکی کتێبەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرواری ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٦٣، لەو بەروارەدا ئاپۆرەیەك لە خۆپیشاندەرە رەشپێستەکان خۆیان دەگەیەننە ئەو ناوچە سەوزاییەی دەورەی کۆشکی سپی داوەو داوای مافە مەدەنییەکانی خۆیان دەکەن. لەو سەردەمەدا هێزی راستڕەوی توندڕەوکە سەرکردەکەیان «جۆرج والاس» بوو، توانییان حاکمی ویلایەتی (ئالاباما) بەدەستبێننو لەژێر ناونیشانی: (رەگەزپەرستی لەمڕۆداو رەگەزپەرستی لە سبەینێداو رەگەزپەرستی لە هەموو کاتێکدا) خۆیان بۆ جەنگی وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئامادەدەکرد، ئا لەو بارودۆخەدا «مارتن لۆسەر کینگ» لەبەردەم ئاپۆرەیەکی گەورەی رەشپێستو سپیپێستەکاندا رستە بەناوبانگەکەی خۆی وت: (خەونێکم هەیە)، ئیدی ئەم رستەیە بوو بە وێردی سەر زمانیو لە هەموو شوێنێکدا دووبارەی دەکردەوە.

کاتێك بۆ یەکەمجار ئەو رستەیەی وت، (دەقە نووسراوەکەی) بەردەمی خستەکەنارەوەو وتی: (خەون بەوەوە دەبینم رۆژێك لە رۆژان لەسەر گردۆڵکە سوورەکانی ویلایەتی جۆرجیا، رۆڵەی کۆیلە کۆنەکانو رۆڵەی ئەوانەی خەڵکیان کۆیلەدەکرد، لە دەورەی یەك خوانی برایەتی دانیشن. خەون بەوەوە دەبینم ویلایەتی میسیسپی کە لەژێر خۆری گەرمی ستەمو خۆری چەوساندنەوەدا دەناڵێنێ، ببێت بە مێرگێك بۆ ئازادیو دادپەروەری..خەون بەوەوە دەبینم.. خەون بەوەوە دەبینم..) پاشان «مارتن لۆسەر کینگ» دواجار هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوەو دەڵێ: (با ئازادی لە هەموو شوێنێکدا بەرقەراربێت)، دواتر کۆتایی بە قسەکانی دێنێتو دەڵێ: (دواجار سەربەستی... دواجار سەربەستی)، ئیدی دوای ئەوە مینبەرەکە جێدەهێڵێتو دێتەخوارەوە. هەردوو

دانەری کتێبەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا «جۆن کەنەدی» لە کۆشکی سپیو لەمیانەی تەلەفزیۆنەوە تەماشای وتارەکەی «مارتن لۆسەر کینگ»ی کردووەو زۆر سەرسام بووە، دروست ئا لەو ڕۆژەدا «مارتن لۆسەر کینگ» لە دەرگا پانو فراوانەکەی مێژووەوە ناوی دەچێتە ناو مێژوو.

خوێنەر بەدرێژایی بەشەکانی کتێبەکە تێدەگات کە «مارتن لۆسەر کینگ» لە کۆتایی دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەدایکبووە، بە دروستی لە ١٥ی یەنایەری ساڵی ١٩٢٩، منداڵییەکی بەختەوەر ژیاوە، گەورەترین ڕووداوی سەردەمی منداڵیی نزیکبوونەوەی بووە لە کڵێسا کە بووەتە ماڵی دووەمی، تاکو لە پاشەڕۆژدا ببێت بە قەشە. لە کتێبەکەدا هاتووە: «مارتن لۆسەر کینگ» بەدرێژایی ژیانی لە ناوەندە گشتییەکاندا پیاوێکی جدیی بووە، ئەو ساتە کەمو دەگمەنانەی لە نهێنیدا بۆ گوزارشتکردن لە کامەرانیو پێکەنینو ڕابواردن بەسەریبردووە، هەمیشە ساتگەلێکی خۆشبوون. هەر لە سەرەتای لاوییەوە سەرقاڵی خوێندنی تیۆلۆژیای مەسیحی بووە. ساڵی ١٩٥٨ سەرۆکی ئەمریکای ئەو سەردەمە «ئێزنهاوەر» لە کۆشکی سپی پێشوازی لە قەشەی ڕەشپێست «مارتن لۆسەر کینگ» دەکات، «ئێزنهاوەر» کەسێکی زۆر موحافزکاربووەو هەرگیز ئەوەی لەبیرنەچووەتەوە کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتی تەکساسی باکوور، بەڵام لە هەمانکاتداو بەرامبەر بە مافی مەدەنی ڕەشپێستەکان، لە سەرۆك کۆمارەکەی پێشتر کراوەتربووە، ئەو مافە مەدەنیانە بەلای «مارتن لۆسەر کینگ»ەوە ببووە جەنگی هەموو ژیانی، یەکێك لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی «مارتن لۆسەر کینگ» ئەوەبوو بڕیاری دا سەردانی ئەفریقا بکاتو لەسەر زەویی باووباپیرانی نوێژ بکات.

ماوەی حوکمڕانیی «جۆن کەنەدی» ئەو ماوەیە بوو کە تێیدا پرسیارێکی زۆر لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا هاتبووە ئاراوە. ژیانی «مارتن لۆسەر کینگ» بەردەوام مەرجەعیەتێکی بنەڕەتی بووە بۆ تێکۆشانی ڕەشپێستەکان لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان لە ئەمریکادا، تادەگات بەوەی کەسێکی وەك «باراك ئۆباما» خۆی بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکا کاندید دەکات، وەك ئەوەی هەردوو دانەر لە کۆتایی کتێبەکەدا باسی لێوەدەکەن.

«مارتن لۆسەر کینگ» ساڵی ١٩٢٩ لەدایکبووە، سەرکردەیەکی ڕەشپێستی ئەمریکییە، قەشەو ئەکتیفستێکی سیاسیو مرۆڤدۆست بووە، داوای نەمانی جیاوازیی ڕەگەزپەرستیی دژ بە هاوڕەگەزەکانی دەکرد، لە ساڵی ١٩٤٦دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی وەردەگرێت، ئەو بچووکترین کەس بووە کە ئەو پاداشتەی وەرگرتووە، لە ١٤ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ تیرۆردەکرێت، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی پشووی ڕەسمییە لە ئەمریکا، «مارتن لۆسەر کینگ» گرنگترین کەسایەتییە کە بانگەشەی ئازادیو مافەکانی مرۆڤی کردووە.

**ناوی کتێب**: مارتن لۆسەر کینگ
**نووسینی**: لیلاس دۆکیرۆن، فرانسوا فۆریستێ
لە بڵاوکراوەکانی میشێل لافۆن، پاریس ٢٠٠٨
**ژمارەی لاپەڕە**: ٣٠٥ لاپەڕەی مامناوەندی
**سەرچاوە**: مرايا البيان، ٢٠٠٨/٧/٢٠